# هۆكارە كـۆمەڵایەتیەكـان و

**سۆزداری و ڕۆمانسیەت لە لای ئافرەت یەكەمین شتن**

بێگومان ساردی سێكسیی لای ئافرەتان لەئاست و پلـەی جیـاوازدا ڕوودەدەن، وەك: (كەمبوونەوەی ئارەزووی سێكسیی، ئەنجامدانی پێوەندیی سێكسیی، نەگەیشتن بە ئۆرگازم، نەمانی ئارەزووی سێكسیی) بێگومـان بوونی ئەم حاڵەتـە ژانكۆیەكی دەروونی گەورە دروست دەكات چ بۆ خودی ئافرەتەكە و چ بۆ هاوسـەرە پیاوەكەیشی. ئەگەرچی ئافرەتان لەڕووی پێكهاتـەی سـایكۆلۆژییانەوە ئەوەندی گرنگی و بایەخ بەلایەنی سـۆزداری و ڕۆمانسـیەت دەدەن، ئەوەندە سـێكس گرنگی نییە لەلایـان، لەم بارەیەوە توێژەری دەروونی (سـامان سـیوەیلی) سـەرۆكی سـەنتەری ڕاوێژكاریی خێزان لەسلێمانی پێی وایە، مەسـەلە سـۆزداری و ڕۆمانسـییەكان یەكەمینـن لای ئافرەتان، ئەمەش بەپێچەوانـەی پێكهاتـەی ڕەگەزی نێر یان پیاوانەوەیە، كە سێكس لەلای یەكەمین شـتە لەپێوەندكردن بە ڕەگەزی بەرامبەر یان بڵێین لە پێوەندی كردن بە هاوسەرەكەیەوە.

(سامان سیوەیلی) دەڵێت « بەداخەوە زۆرجار لەئەنجامی ئاشـنانەبوونی هاوسـەران بـە سروشـت و پێكهاتەی سایكۆلۆژییانەی ڕەگەزی بەرامبەر، دەكەونە كێشـەو ناتەباییـەوە، بۆ نموونە ئافرەتـان دەخوازن هاوسـەرە پیاوەكانیان وەك خۆیان سۆزدارو ڕۆمانسی بن، یـان پیـاوان دەخوازن هاوسـەرەكانیان وەك خۆیـان گرنگـی بە سـێكس بـدەن، ئەمەش لێكتێنەگەیشـتنەو مەودای ڕۆحیی نێوان هاوسەران لەیەك دوورتر دەخاتەوە.

سێكس گرنگی زۆری هەیە لەژیانی هاوسەریداو بەیەكێـك لە پایـە بەهێزەكانی ژیانی هاوسـەریی دادەنرێـت، بۆیە لـەرزۆك بوونی ئـەم پایە گرنگە یـان دارمانی، ئەگـەری ئـەوەی لێدەكرێت ژیانە هاوسـەرییەكە بەرەو دارمان و هەڵوەشاندنەوە ببات، هەربۆیە هەندێكجار كێشەكانی ناو جێگای نووستنە ڕێـی دادگا بە هاوسـەران دەگرێتەبەر، ئەگەرچی تا ئێسـتا لەكۆمەڵگەی كوردیدا هاوسـەران ئەگەر ژانكۆییشـیان لەمبوارەدا هەبێـت، دەرینابڕن و بۆ جیابوونەوەكانیان پاساوی تر دەهێننەوە.

**هۆكارەكانی دەروونی لەپشتەوەیە**

سـامان سـیوەیلی لەبارەی ئـەوەی تاچەنـد هۆكاری دەروونـی كاریگـەری هەیە وتـی «لەوانە دەروونی، جەستەیی، كۆ مە ڵا یە تـی ، پەروەردەیـی. بۆنموونە فشـاری دەروونی زۆر یان تووشـبوونی ئافرەت بەنەخۆشی دەروونی بەتایبەتی خەمۆكی، ئارەزووی سێكسیی ئافرەتان كەمدەكاتەوە، تا ئاسـتی ڕەتكردنەوەی پێوەندییە سێكسـییەكان، هەروەها هەندێكجار ئەزموونە سێكسـییە تاڵەكانی سـەردەمی منداڵـی یـان هـەرزەكاری لەجۆری دەستدرێژی كردنی سێكسیی ئەگەری هەیە ئافرەتان تووشی گرێی دەروونی بكات بەرامبەر سێكس. یان ئەو ئافرەتانەی بەزۆرەملێ هاوسـەرگیرییان لەگەڵ كەسـێك پێدەكرێت كەخۆیان هەڵیان نەبژاردووە، یان ئەو كەسـانەیان بەدڵ نییە، یان خۆیـان دڵخوازی خۆیان هەبووەو خێزان و خانەوادە ڕێگر بوون لە بەیەك گەیشـتنیان، ئەمانە تێكڕا دەبنە هۆی دروستبوونی ساردی سێكسیی لای ئافرەتان. هەروەها لە هۆكارە جەستەییەكان، خەتەنەكردنی ئافرەتانە كە لەڕێی ئەم پرۆسەیەوە گرنگترین بەش یان ئەندام لەجەستەی كچان دەبڕدرێت كە گەورەترین ڕۆڵ لە پرۆسـەی سێكسی و وروژانـدن و چێژوەرگرتندا دەگێڕێت، بەداخەوە لە ڕابردوودا بەشێكی زۆر لە كچانی كۆمەڵگەی ئێمە خەتەنە دەكران، ئەگەرچـی لەم ڕۆژگارەدا بەهۆی زیاتر هۆشـیاربوونی كۆمەڵگەوە لە مەترسییەكانی خەتەنە كردن ئەم دیاردەیـە كەمتر بۆتەوە، هەروەها هەندێكجار بەهۆی بوونی نەخۆشـی یان هەوكردن لەناوچەی زێی ئافرەتان یان تەنگی زێی ئافرەتان كە دەبنە هۆی وەرگرتنی ئازار لە پێوەندی سێكسـییدا، ئەمەش وادەكات ئافرەتەكە خواسـتی نەبێت لەسەر جووتبوون. لەهۆكارەكانی تر بۆ دروستبوونی ساردی سێكسـیی، ئەو ڕۆتینە سێكسـییەیە كـە لەنێوان هاوسەراندا ڕوودەدات، بۆ نموونە لەئەنجامی نەبوونی هۆشـیاری سێكسییەوە بەشێك لە هاوسەران تەنیا لە یـەك بار و بێ هیچ گۆڕانكاری و تامەزرۆییەكەوە پرۆسـەی سێكسـیی ئەنجام



**ئایا هۆكاری گرفتەسێكسیەكان، بایەلۆژیین یان هۆكاری تری وەكو سۆسیۆلۆژیش واتە كۆمەڵایەتی لەپشتەوەیە؟ هۆكاری سەرهەڵدانی ئەم گرفتە لەچییەوەیە، ئاخۆ هۆكاری كۆمەڵایەتی لەپشتەوەیە؟ ئەم گرفتە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی كێشە لەنێوان ژن مێرددا، زۆر جار ئەم كێشەیە سەری كێشاوە بۆ جیابوونەوەو لێكهەڵوەشانی خێزان و تێكچوونی شیرازەكەی، یاخود بووەتە هۆی ناپاكی هاوسەری، سەبارەت بەم بابەتە ڕابۆچوونی چەند كەسێكمان وەرگرت،تا بە پێی ئەزموون و شارەزایی ئەوانیش ڕاو بۆچوونی هەمەجۆر بخەینە ڕوو.**

# دروست بوونی گـرفتی سێکسی

دەدەن، یاخود خۆپەرسـتی پیاو کە هەندێجار پیاوان گوێ نادەنە هاوسەرەکانیان و بێ هیچ پێشەکییەك بۆ وروژاندنی هاوسەرەکانیان یەکسەر پەنا بۆ جووتبوون دەبەن و بەگەیشـتنی خۆیان بە ئۆرگازم ڕاستەوخۆ دەکشـێنە دواوە، ئەمانە تێکڕا کاریگەرییان لەسـەر دروستبوونی ساردی سێکسیی لای ئافرەتان هەیە.

**بەزۆر دامیان بەشوو، هیچ بایەخێکیان بەقسەکانی من نەدا**

ئافرەتێکی تەمەن ٢٨سـاڵە، وەك خۆی باسـی دەکات، ماوەیی ٤سـاڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو خاوەنی یەك منداڵە. بەردەوام هاوسـەرەکەی گلەیی ئەوەی لێدەکات وەك پێویست لەگەڵی ناخەوێت. ئەو ئافرەتـە ئاماژە بـەوەش دەکات، کەهیچ گرفتێکی دەروونی نییە « خۆشـم نازانـم بۆچی ناتوانم وەك پێویسـت بایەخ بەسـێکس بدەم، تەنیا ئەوەندە دەزانم کەئارەزووی سێکسیم نییە. ئەو ئافرەتە وتیشی سەرەتا کە ئەو پیاوە هاتە داوام حەزم نەدەکرد شووی پێبکەم، بەڵام بەزۆر دامیان بەشـوو. ئافرەتێکی تری تەمەن ٣٥ سـاڵە کە ماوەیی ١٠ سـاڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە وەك خۆی باسی دەکات، بەردەوام کێشەی هەیە لەگەڵ هاوسـەرەکەی کەناتوانێت وەك پێویست لەگەڵ هاوسەرەکەی بخەوێت بۆیە بەردەوام کێشەیان هەیـە. ئەو ئافرەتـە دەڵێت « سـەرەتا کە ژیانی هاوسـەریم پێکهێنا لەگەڵ هاوسـەرەکەم لەسێکس کردن هیچ کێشـەیەکم نەبوو، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا زۆر هەوڵم دەدا کە هاوسـەرەکەم سۆزو خۆشەویسـتیم پێببەخشـێت بەداخەوە بەردەوام بـەس داوای سێکسـی لێدەکرم، تـاوای لێهات هاوسـەرەکەی خۆم لەبەر دڵکەوت و ناتوانم ئێسـتا سێکسـی لەگەڵ بکـەم، زۆر هـەوڵ دەدەم بەڵام بەدەست خۆم نییە، ئەو ئافرەتە ئەوەش دەخاتەڕوو کەئێستا هاوسەرەکەی دەڵێت ژنی دووەم دەهێنم تۆ کەڵکت نەماوە.

هەر سەبارەت بەم بابەتە، پیاوێکی تەمەن ٣٩ساڵە کەماوەیی ١٢ سـاڵە ژیانی هاوسـەری پێکهێناوە خاوەنی دوو منداڵە و دەڵێت « خێزانەکەم وەك پێویست لەگەڵم ناخەوێت تەنانەت لەلاشـم نانوێت زۆر داوای لێدەکەم کە لەلام بخەوێت، بەڵام ئەو هەرخۆی بەدوور دەگرێت لێـم، نازانم هۆکارەکەشـی چییە چەندین جـار داوام لێکردوە کەبیبەم بۆلای دکتۆر، بەڵام ئەو هەردەڵێت من هیچ کێشـەیەکم نییە، ناچم هەر ئەو مابوو، بۆ حەیام نابەیت لای دکتۆر.

**هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان گرفتی سێکسی دروست دەکەن**

جـەزا حەمەسـاڵح توێژەری کـە کۆمەڵایەتییە سـەبارەت بەم بابەتـە دەڵێت « لەئەنجامی کێشـە کۆمەڵایەتییەکانەوە گرفتی سێکسی دروست دەبێت وەکو (خەتەنەکردن،نەبوونـی خۆشەویسـتی، بـەزۆر بەشـوودان،خەمۆکی،دڵەڕاوکێ،ترس) کـە ئەمانە هەموویان کێشـە دروسـت دەکەن لەنێو خێزان دواجار دەبێتە هۆی لاوازی سێکسی و جیابوونەوە لەیەکتر.

ئەو توێژەرە پێشی وایە، کەئێمە لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاری دوا کەوتوو دەژین و مافەکانی ژن نەبۆتە ئەساسـیەتی واقیعیەکی سەلمێنراوو کاری پێبکرێت، ناتوانـن ئەم گرفتەی خۆیان باس بکەن، بڵێن کێش و کۆمەڵایەتیەکانمان لەگەڵ هاوسـەرمان هۆکارەکەی سێکسـیە، لەجیاتی ئەوەی باسـی ئەوەبکەن کەژی کێشەکە دەخەنە قاڵبێکی ترەوە، چونکە لەکۆمەڵگای کوردیدا هەرداکۆکی کردنێکی ژنان لەماف وئارەزووە سێکسیەکانیان شەرم وعەیبە و حەیابردنە .

دواتر د.سـامان ئەوەشی خسـتەڕوو کە نەبوونی سۆز و خۆشەویستی لەنێوان هاوسەرانداو لەجێی ئەمە فەرامۆشـکردنی ئافرەتان لەلایەن هاوسەرەکانیانەوەو بوونی کێشەو گرفتی خێزانی و کۆمەڵایەتی هەموو ئەمانەش هۆکارن بۆ دروستبوونی ساردی سێکسیی.

هەندێجاریـش هەیە پیاوان خۆیان گرفتـی سێکسـییان هەیە، ئارەزووی سێکسـییان کەمە، یان زوو دەگەنە ئۆرگازم، واتە پیـاوان خۆیان ناتوانن سێکسـێکی دروسـت بکەن لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا، بۆیـە لەهەموو ئـەم حاڵەتانەدا سـاردی سێکسیی لای ئافرەتان دروست دەبێت.

**چارەسەرکردن**

بەگوتەی (د.سـامان ) ئەوکەسـانەی تووشی ساردی سێکس دەبن یاخود کێشەیان لە هاوسـەرەکانیاندا هەیە، سـەردانی پزیشـکی دەروونی و دەروونناسـان بکـەن بـۆ چارەسـەرکردنی ئەم حاڵەتە تا هەر کێشەیەك بە پێی تایبەتمەندی خۆی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە..





ئا: سانە سلێمان



ماسەرگیری لە خانەی بەساڵاچووان







# خانەی بەساڵاچووان
# ماڵێک بۆ نوێ کردنەوەی ژیان



* * *

**کومەڵگای نور خانەی بە ساڵەچووانە کە کۆتایی قۆناغەکانی مرۆڤە بێ کەس و کارەکان لەو کومەڵگایە بەسەری دەبن و چەندین ژن و پیاوی لە بیرکردنەوەی جیا جیا لە بنەماڵەی جیا وەکو یەك خێزان تێدا پێکەوە کۆبونەتەوە، ئەوەی جێگای دڵ خۆشیە مرۆڤەکان لەو شوێنە ئومیدیان بە ژیان بۆ دروست بۆتەوە و توانیویانە خۆشەویستی خۆیان بدۆزنەوە و هەندێکیان ژیانی هاوسەرگیریان پێك هێناوە و بۆ خۆیان ژیانیکی نوێیان دروست کردوە.**

* * *



## مەجید حەمید:
## بەساڵاچووانی ئێرە بوونەتە یەک خێزان

ئەحمەد یەعقوب پیرەمێردێکی تەمەن ٧٦ ساڵانە کە تاوەکو ئێستا ژیانی هاوسەرگیری پێك نەهێناوە و لاوێتی بە ژیانی کرێکاری بردۆتە سەر و دەڵێت: (ژیانم هەمووی دەردە سەری بوو بەردەوام بە دوای ڕاکردنی پاروە نانێك بووم و توانای ژن هێنانم نەبوو)، ئەو پیاوە ئاماژە بەوەش دەکات لەو چەند ساڵەی دوایی تووشی چەندین نەخوشی بووە و توانای کارکردنی نەماوە، بۆیە هاتووتە خانەی بەساڵاچووان لەو کاتەوە هەستی بە ئارامی کردوە و دەڵێت: (من لە ژیانم هەستم بە خۆشی نەکردوە، بەڵام لەو کاتەی لێرە دەژیم زۆر دڵ خۆشم، چونکە بەباشی خزمەت دەکرێم و شوێنێکی پاك و خۆشە، ئەگەر لێرە نەخۆش بکەوم دکتۆر هەیە و چارەسەرم دەکەن و بە ئارەزووی خۆم دەخەوم و هەڵدەستم و دەتوانم بچمە دەرەوە و بێمە ژوورەوە)، لەبارەی ئەوەی کە بۆچی ژنێك لە خانەی بە ساڵاچووان بۆ خۆی هەڵنابژێرێت وتی: (من بیرم کردۆتەوە کە پیر بوومە توانای ژن هێنانم نەماوە، کاتێك گەنج بووم ژنم نەبوو ئێستاش ژنم بۆچییە).

### پیرەمێردێك لە خانەی بەساڵاچووان داوای ژن دەکات

مەحمود ئیبراهیم ئاکرەیی، تەمەن ٦٠ ساڵە لە ساڵی ١٩٧٩ژنی هێناوە و خاوەنی ٥ منداڵە هەر لە تەمەنی لاویەوە بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و لە پۆلی یەکی ناوەندییەوە قوتابخانەی جێهیشتوە بۆ خزمەت کردنی شۆڕش و کوردایەتی، دوای ئەوە هاتۆتەوە، وەکو پاسەوان لە سەر بیرەی ئیرتوازی دامەزراوە و دەڵێت: (ئەوانە هیچیان بۆم نەکرد دوای ئەوە ژنەکەم مرد و منداڵەکانم لەماڵەوە دەریان کردم، پاش ماوەیەك لە بەغدا لەلایان ڕژێمی بەعسەوە زیندانی کرام، هەروەها وتی: ناسنامەی پێشمەرگەی ئەیلوولم هەیە و ماوەیەك مووچەم وەردەگرت دوای پارەکەیان لێ بڕیم و چەندین جار هەوڵمداوە مووچەکەمیان بۆم نەگەڕاندۆتەوە)، مەحموود ئێستا حەزی بە خانەی بە ساڵاچووان نییە، چونکە هەست دەکات هێشتا گەنجە و پێویستی بە ژیانیکی تایبەت هەیە کە خاوەنی خانوو ژن ومووچەی خۆی بێت و دەڵێت: (داواکارم خانووەکم بۆ دابین بکەن و ژنێك بۆ خوم دەهێنم لەبەر ئەوەی من بە درێژای ژیانم خزمەتی شۆڕش و کوردایەتیم کردوە و ئێستاش کەسم نییە).

### لە خانەی بەساڵاچووان دڵی خۆم دۆزیەوە

**غەریب مەحموود عەبدوڵلا تەمەن ٦٧ ساڵە نزیکەی پێنج ساڵە لە و کۆمەڵگایە ژیان بەسەر دەبات و یەکێکە لەو پیاوانەی کە لەناو ئەو ئافرەتانەی ماڵی بە ساڵاچوان دڵی دەچێتە یەکێکیان و بڕیار دەدات هاوسەرگیری لەگەڵ بکات و دەڵێت:** پێشتر ژنێکی ئەمریکم هێنا بوو کە لە کۆمپانیای نەوتی بەغدا کاری دەکرد، بەڵام دوای بارودۆخی عێراق تێکچوو کەس و کاری داوایان کرد بگەڕێنەوە ئەمریکا منیش ئەوم ناردەوە لەگەڵ منداڵەکانم وتم ئێوە بڕۆن تا ماوەیکی تر موڵکەکانمان دەفرۆشم و منیش دێم بۆ لاتان، بەڵام من پاش ئەوە زیندانی کرام و منداڵەکانم هاتبوون لە منیان پرسی بوو منیان نەدۆزیبۆوە کە لە زیندان هاتمە دەرەوە کەسم نەمابوو، ناچار بووم هاوڕێیەکەم منی هێنا بۆ ئەو شوێنە: مام غەریب باس لە چۆنیەتی ژن هێنانەکەی دەکات دەڵیت: (کە هاتمە ئەو شوێنە ئافتاو خانم بینی دڵم بۆی چوو، چونکە زۆر جوان بوو و بە بەردەوام بە بێدەنگی و خەمباری دادەنیشت و منیش پرسیارم لێکرد)، ئەویش لە وەڵامدا: وتی من دەمێکە لێرە دەژیم و بێکەسم، ئیتر بڕیاری هاسەرگیریمانداو ئاهەنگێکی خۆشمان بۆ کرا، ئێستاش زۆر دڵ خۆشم و چاویشم کوێرە و نابینێ، وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بەڵێنی پێداوم نەشتەرگەریم بۆ بکات.

هاوسەرەکەشی ئافتاو کاکی حەمەدەمین کەخەڵکی کەرکووکە و دەڵێت: غەریب لەگەڵم زۆر باشە و کە بەمنی وت مێردم پێدەکەی منیش رازی بووم زۆر بەلامەوە خۆش بوو، ژیانێکی نوێمان پێکهێناو ئێستاش بۆ خۆمان پێکەوە دەژین.

### ژیانی هاوسەرگیرم لە ماڵی بەساڵاچوان زۆر پێ خۆشە

بەهار ئافرتێکی تەمەن ٤٢ ساڵە نزیکەی ١٠ ساڵە بێ کەسە و لە خانەی بەساڵاچوان ژیانی هاوسەری لەگەڵ پیاوێك پێکهێناوە، ئێستاش پێکەوە لەو شوێنە دەژین و کچێکی کەم ئەندامی فرێدراویان هەڵگرتۆتەوە و بەخێوی دەکەن، بەهار دەڵێت: پێش ١٠ ساڵە بەرێکەوت لەگەڵ ئیبراهیم یەکترمان بینی و هاوسەرگیریمان کرد، رۆژانەی خۆمان بە سەیر کردنی تیڤی و هاتوچۆکردن دەبینە سەر، ئەمرۆ ئیبراهیم چۆتە بازاڕ بۆ ئەوەی هەندێ کەلوپەلمان بۆ بکرێت و لێرە زۆر دڵمان خۆشەو هەست بە ئارامی دەکەین.

### ئەو کۆمەڵگایە بەرنامەی تایبەتی هەیە

**توێژەری کۆمەڵایەتی مەجید حەمید لە خانەی بە ساڵاچووان دەڵێت:** چەندین بەرنامەمان هەیە بۆ پاراستن و چاودێری ئەو بە ساڵاچووانەی ئێرە، ئێمە بەردەوام هەوڵدەدەین ئەو بەساڵاچووانە بە گوێرەی بەرنامەکانی ئێرە بە جۆرێك هەڵسوکەوت بکەن، کەوا هەست بکەن بەردەوام بەشێکن لە کومەڵگا و یا بەردەوام هەوڵمانداوە وەکو یەك خێزان هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتر بکەن هەروەها لێرە بەشی تەندروستی و وەرزشمان هەیە بە گوێرەی رێنمایەکان لە کاتی دیاری کراو وەرزش بە بەساڵاچووەکان دەکەین.

### سەنتەری بەساڵەچوانمان هەیە وەکو کافتریایەکە بۆ هەموو بە ساڵاچوێك




## کەمال تۆفیق:
## ٦٤بەساڵاچوومان هەیە ٢٣یان ئافرەتن

ئەو کۆمەڵگایە پێکهاتوە لە سێ بەش، بەشی یەکەم ئەوانەی تێدایە کە کەسانی تەندروستن لە ڕووی جەستەیی و دەروونی، بەشەکەی تر پەکەوتە و ناتەندروستن، ئەو دوو جۆرە ئەو کەسانەن کە بێ کەسن و هیچ شوێنێك نییە تێدا بژین، بەشەکەی کۆتایی وەکو سەنتەرێکە کە کافتریاشی هەیە بەساڵاچوان دەتوانن بێن کاتی خۆیان لەوێ بەسەر بەرن یا هەندێك خێزان هەیە دەوامیان هەیە دەتوانن بە ساڵاچووەکانیان لەو سەنتەرە جێبڵن تا ئەوکاتەی دەوامیان تەواو دەبێت، لەپاشان دەبێ بیبەنەوە.

**بەڕێوەبەری بەساڵاچوان کەمال تۆفیق لەبارەی ئەو خانەیە دەڵێت:** ئێمە لێرە بە هەموو توانامان خزمەتی ئەو بەساڵاچوانە دەکەین و نزیکەی ٦٤ بە ساڵاچوومان هەیە کە ٢٣ یان ئافرەتن، خۆراکەکانیان لەلایان پزیشك و توێژەرکان و داواکاریەکانی خۆیان ئامادە دەکرێت و مانگانە ئەو خشتەی خۆراکەیان دەگۆرێت و ساڵی دوو تا سێ جار بە گشتی سەفەرێکیان پێدەکەین بەڵام رۆژانە ئەو بە ساڵاچووەی توانای دەرچوون و گەڕانی هەیە دەتوانی بۆ خۆی بچێتە دەرەوە کە دەردەچێت و ئیمزا دەکات و دەگەڕێتەوەش هەر ئیمزا دەکات بۆ سەلامەتی خۆیان و بەشداری بۆنەکانیان پێدەکەین و مانگانە ٤٥ هەزاریان وەکو مووچە پێدەدرێت و ساڵانە لە هەر وەرزێك سێ جار تا چوارجار جل و بەرگیان بۆ دەکرێت و بەهەموو جۆرێك خزمەتیان دەکەین.

# کاتی ئەوە هاتووە لە کوردستانیش ئالوودەبووی مادە هۆشبەرەکان بەنەخۆش سەیربکرێن



سەرهەڵدانی ئالوودەبوون بە مادەهۆشبەرەکان لە جیهاندا مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بۆ دوای ساڵی ١٩٩٠دەگەڕێتەوە، کە بە هۆی کرانەوەی سنووری هەرێمی کوردستان بە ڕووی وڵاتانی ناوچەکە و نێودەوڵەتی و بە ڕێگەی قاچاغ لە سنوورەکانەوە هاتۆتە نێو هەرێمی کوردستانەوە. هەر چەندە هێزی ئاسایش و سنوور لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ کۆنترۆڵکردنی باندەکانی مادە هۆشبەرەکان، بەڵام هاتنی ئەو مادانە لە وڵاتانی دراوسێی و شارەکانی دیکەی عێراقەوە بەردەوامە.

لە بەسەرکردنەوەیەکی تیمی گوڵان بۆ گرتووخانەی هەولێر ٦٠ حاڵەتی بەکارهێنەرو بازرگانی پێکردنی مادە هۆشبەرەکان هەیە کە لە تەمەنی جۆراوجۆرن و بەشێکیشی هی دەوڵەتانی دراوسێن.

### مادەی هۆشبەر چییە؟

هۆشبەر لایەنی تەندروستی وزانستی مادەیەکی کیمیاییە کە دەبێتە هۆی خەولێکەوتن و لەهۆشچوون و کەمبوونەوەی ئازار، چونکە ئەم مادەیە کار لەمێشکی مرۆڤ دەکات، دواتر کار لە ئەندامەکانی تری لەش دەکات، بەکارهێنانی بڕێکی زۆر لەو مادەیە وا لە کەسەکە دەکات بخەوێت (Hypnosis) ئەم بڕەی وەردەگرێت لە لەشیدا جێگیر دەبێت و بەو هۆیەوە بێهۆش دەبێت، دواتر بە قۆناغی هێوربوونەوە (Sedation) تێپەڕدەبێت.لە کۆتاییدا کەسەکە ئاسایی دەبێتە (Onalge).

### حاڵەتەکانی تووشبوو لە زاری ئەوانەوە کە دەیگێڕنەوە کە چون تووشبوون

(م،ر) گەنجێکی ٢٠ ساڵە خەڵکی دیار بەکرە هەر لە منداڵیەوە لەگەڵ هاوڕێکانی فێرە حەشیشە کێشان بووە و لە ماڵەوە کەس و کاری پێان نەزانیووە بە هۆی ئەوەی لە خانەوەدایەکی هەژار بووە و نەیتوانیووە خوێندن تەواو بکات، هەر بۆیە دەستی بەکارکردن کردوەو لەماڵی خۆیان دوورکەوتۆتەوە، کاتێکیش دێتە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی کارێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە ئەو کوڕە لە هەولێر لە کاتی کێشانی حشیشە دەستگیر دەکرێت، سەبارەت بەچۆنیەتی دەستگیرکردنی بە گوڵانی ڕاگەیاند: (لە تورکیاوە حەشیشەم لەگەڵ خۆم هێنا بوو، لە عەنکاوە لەگەڵ چەند برادرێك دانیشتبووین دەمکێشا، لەکاتی کێشانەکەدا دەسگیر کرام و دوو ساڵ حکومدرام، لەبەر ئەوەی ئەو جۆرەی من بەکارم دەهێنا زۆر قورس نییە و نرخەکەشی زۆر گران نییە، بەڵام سەرەتا لە زیندان تا ماوەیەك جەستەم پێویستی پێبوو، زۆر تێکچووبووم مێشکم ئازاری هەبوو تا ماوەیەك، بەڵام ئێستا باش بوومە و لێی دوور کەوتوومەتەوە، ئەگەر لە زیندانیش دەربچم هەرگیز ئەو هەڵەیە دووبارە ناکەمەوە، خۆزگە نەخۆشخانەیەك یا سەنتەرێك هەبووایە بۆ ئەوەی ئەوانەی بەم مادە هۆشبەرانە ئالوودە بوونە سەردانیان دەکرد و چارەسەریان بۆ دەکرا، چونکە هەر کەسێك ئالوودەی ئەو مادە هۆشبەرانە بێت کاتێك پەشیمان دەبێتەوە و ناتوانێت واز بهێنێت و ناشوێرێت خۆی تەسلیمی پۆلیس بکات، چونکە دەزانێت لەو شارە بە تاوانبار سەیر دەکرێت و سزاکەی توندە.

### یەکجار تلیاکم خواردووە

(ع،م) پیاوێکی تەمەن ٣٥ ساڵە خێزاندارە و خەڵکی کەرکووکە و لە هەولێر دادەنیشێت و خاوەن سێ کچەو پێشتر شوفێری تاکسیی بووە و ئێستا بە تۆمەتی بە کارهێنان و بازرگانی کردنی مادە هۆشبەرەکان لە زیندانی هەولێر دەستگیر کراوە و سەبارەت بە کەیسەکەی خۆی بە گوڵانی ڕاگەیاند: ((جۆری تلیاکم یەکجار بە حەب بەکارهێناوە، ئەویش بۆ شکاندنی ئازاری قاچم بوو، چونکە نەخۆشی شەکرەم هەبوو، ئەو جارەش لەڕێگەی هاوڕێیەکمەوە کە پۆلیسی هاتوچۆیە و پێی وتم ئەو جۆرە حەبە بخۆ کە تلیاکە و ئازارەکەت دەشکێنێت، ئەوکاتە باش

بوو ئازارەکەی شکاند، بەڵام هەر ئەو کات بوو دوای وەکو خۆم لێهاتەوە پاش چەند رۆژێك ئەو کەسە گیرا و تۆمەتەکەی خستە سەر من و سزاکەی منیش ١٥ ساڵ بوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە یەك شاهید هەبوو منیش داواکەم تەمیز کردەوە، سزاکەم بوو بە ٥ ساڵ، تەنیا تۆمەتەکەم بووە بە کێشانی مادەی تلیاك .

## ئالوودەبووانی مادەی هۆشبەر نەخۆشن

(ح،ن) پیاوێکی دوکاندارە خەڵکی کۆرپێیە و خێزاندارە و خاوەن پێنج منداڵە لە ئێرانەوە فێری تلیاك کێشان بووە، سەبارەت بە کەیسەکەی دەڵێت «لە ئێران خەڵکی زۆر بە ئاسایی بەکاری دەهێنن و زۆر بە ئاسانیش دەست دەکەوێ، من بەهۆی ئەوەی ئازاری جەستەم زۆر بوو، هەروەها نەخۆشی شەکرەشم بەردەوام لە بەرزبوونەوە دابوو، فێری تلیاکك خواردن بووم، لەبەر ئەوەی کاتێك ئەو تلیاکەم بە کاردەهێنا شەکرەکەم دادەبزی و بۆ ماوەیەکی کاتی سوودم لێ وەردەگرت» لەبارەی بەدەست کەوتن و نرخەکەی دەڵێت «ئەو شوفێرانەی هاتوچۆی ئێرانیان دەکرد ئەوان بۆمیان دەهێنا هەر جاری هەندێکیان دەهێنا دەیکردە چوارسەد هەزار دینار بەشی دوومانگی دەکردم و بەردەوام لە دوکان دەم کێشا بۆ ئەوەی لە ماڵەوە خێزانەکەم نەزانێت رۆژێك لە دوکان دەمکێشا پیاوێکی خەڵکی دیانا هاتە ژوورەوە بۆنی کردبوو ئیتر ئاگاداری ئاسایشی کردەوە، ئەوانیش هاتن و منیان دەستگیر کردو سزای سێ ساڵم بۆ درا. بۆیە داواکاری من ئەوەیە ئەوانەی وەك ئێمە تووشی ئالوودەی مادەی هۆشبەر بوون، با وەك نەخۆش سەیر بکرێن و چارەسەر بکرێن، نەك وەك تاوانبار و لەزیندان بەند بکرێن.

## خێزانەکەم داوای جیابوونەوەی کرد و تەڵاقمدا

(ر،خ) پیاوێکی خەڵکی ئێرانە و بۆیاغچی بووە، لەسەر بازرگانی کردن و کێشانی تلیاك لە هەولێر گیراوە و لەو کاتەی دەستگیرکراوە سێ کیلۆ تلیاکی پێبوە و سەبارەت بە کەیسەکەی خۆی دەڵێت «لە ئێران زۆر بە ئاسانی تلیاك دەست دەکەوێت، هەر بۆیە من لە تەمەنی هەرزەکارییەوە دەستم بە کێشانی حەشیشە کرد و دواتر کردم بە تلیاك، هەروەها ٣ساڵیش هیرۆینم بەکارهێنا کە لە هەموو جۆرەکانی مەترسیدار ترە، بەڵام دواتر کردمەوە بە تلیاك، چونکە هەستم کرد مێشکم تێکدەدات».

سەبارەت بەچۆنیەتی هێنانی ئەو مادە هۆشبەرانەش بەرێگەی قاچاغ بۆ کوردستان، (ر.ح) پێی وتین: هاورێیەکەم لە هەرێمی کوردستان هەبوو، پێی وتم ئەو مادانە بێنە کوردستان پارەیەکی باش دەکات، منیش بەقسەم کرد و هێنام و لێرە دەستگیر کرام و حوکمدرام بۆ ماوەی ٢٠ساڵ، ئێستا ١٠ساڵم لە زیندانی بەرێکردوە زۆر پەشیمانم کە ئەو کارم کردوە، هەرچی ماڵ وموڵکم هەبوو لەدەستمدا خێزانەکەشم لە ساڵی ٢٠٠٥ هاتە هەولێر داوای جیابوونەوەی لێمکرد و تەڵاقمدا، خۆزگە شوێنێك هەبێت بۆ رزگارکردنی ئەو کسانەی کە تووشی ئەو حاڵەتە بوونە.

## مافی خۆیانە بێنەوە ناو کۆمەڵگا

سالار مەحمود سەرۆك لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەڵێت: نابێت بڵێین کاتی ئەوە هاتووە نەخۆشخانەیەك هەبێت بۆچارەسەرکردنی ئەو کەسانی ئالوودەبوونە لەهەرێمی کوردستان، بەڵکو زۆر دەرنگیشە پێویستە بەجدی بیر لەوە بکرێتەوە بنکەیەکی تەندروستی بکرێتەوە، بە تایبەتیش بۆ ئەوانەی لە گرتوخانەکان سزادراون و جیا بکرینەوە لە زیندانەکانی تر، چونکە تائێستا هەموو زیندانیەکان لە گرتووخانە پێکەوەن شوێنی چاکسازیش لە گرتووخانە یەکێکە لەهەرە خاڵە گەوهەرییەکان بۆ ئالوودەبووان، گرنگە جێگایەك هەبێت مافی خۆیانە ئەو کەسانە وەکو کەسایەتیەکی ئاسایی بەهێنرێنەوە ناو کۆمەڵگا و لەو حاڵەتە رزگار بکرێن لە ریگای چاودێری پزیشك بۆ ئەوەی نەبنە هۆکاری ئاڵۆزبوونی باری ژیانی کۆمەڵایەتی و خەڵکی تریش لەگەڵ خۆیان توش بکەن.

## پرۆژەمان هەیە بەکارهێنەر و فرۆشیار لێکجیابکەینەوە

ئەحمەد نەجمەدین بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەڵایەتی دەڵێت: مادە هۆشبەرەکان بەکارهێنانیان لە زیادبووندایە و دەبێتە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگا، بۆیە پێویستە ئەوانەی بەکاربەرن جیا بکرێنەوە لەگەڵ ئەوانەی بەکاری دەهێنن، ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی قسەمان کردوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، پرۆژەیەکمان هەیە کە بەکارهێنەر بە نەخۆش لە قەڵەم بدرێت و لە داهاتووش بەرنامەکانمان کار پێدەکەین بە هاوکاری رێکخراوەکانی دەرەوە داوامان لە یەکێتی ئەوروپا کردووە پسپۆرمان بۆ بێنن هەر کە پسپۆریان بۆ ئێمە نارد ئێمەش دەست بەکارەکانی خۆمان دەکەین و ئەوانەی ئالوودەی ئەو مادانە دەبن لە زیندانی جیا دەکرێنەوە و بەنەخوش سەیردەکرین و هەوڵی چارەسەر کردنیان بۆ دەدرێت.



## لە هەرێمی کوردستان زیاتر بازرگان هەیە نەك بەکارهێنەر

د.خالس قادر راوێژکاری بەشی راگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی دەڵێ: هەبوونی نەخۆشخانەیەکی فەرمی تایبەت بۆ شیاندنەوەی ئەو کەسانەی ئالوودەی مادە هۆشبەرەکان بوون زۆر گرنگە، بەڵام پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە، چونکە بەگوێرەی زانیاریەکانی ئێمە لە هەرێمی کوردستان زیاتر بازرگانی کردن بەمادە هۆشبەرەکان هەیە کەمتر بۆ بەکارهێنانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە مانای ئەوە نییە مەترسی ئەوەمان نەبێت لەکوردستان زیاد بێت بەداخەوە هەست دەکەین دیاردەکە رووله زیاد بووندایە».

د.خالس دەڵێت: ژمارەی بەکارهێنانی ئەم مادانە بەم شێوەیە نەبووە، هەروەها ئەوکسانەی کە ئەم مادە بێهۆشکەرانە بەکاردێنن بە هۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتییەکەوە یا چەندین هۆکاری تر دەترسن دان بەوە دابنێن کە مادە هۆشبەرەکان بەکاردێنن، بۆیە کاتێك سەردانی پزیشکیش دەکەن بۆ لایەنی تر دەچن بەشێوەیکی تر مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ نەوەك وەك کەسێکی ئالوودەبوو پێویستی بەچارەسەر بێت.

## لە رووی دەروونییەوە وەك نەخۆش سەیردەکرێن

ئالودەبوونی مادە هۆشبەرەکان وا لە مرۆڤەکە دەکات نەتوانێت دەست بەرداری بێت، کاتێك رێژەکە لەجەستەی مرۆڤەکە کەم دەبێتەوە وا لە مرۆڤەکە دەکات وەکو کەسێکی ناتەواو هەڵسوکەوت بکات و ئازاری خۆی بدات تووشی چەندین نەخۆشی دەروونی دەبێت، هەروەها لەمبارەوە دکتۆر سامان ئەنوەر پزیشکی دەروونی دەڵێت «ئێمە وەك پزیشکی دەروونی ئەوانەی ئالوودەبوون بەچاوی نەخۆش سەیردەکەین پێویستە وەك نەخۆش چارەسەر بکرێن، بەڵام بەداخەوە لەهەرێمی کوردستان تاکوئێستا یاسایەك هەیە یاسای مادە هۆشبەرەکانی پێدەگوترێت کە بەچاوی تاوانبار سەیری ئالوودەبوو دەکرێت، ئەمەش نەوەك چارەسەر بەڵکو وادەکات کێشەکە بەرەو خراپتر برِوات بۆیە ئێمە چەند جارێکیش داوامان کردوە کە ئەو مادەیە نەمێنێت ئەو کەسەی مادەی هۆشبەر بەکاردەهێنێت ئالوودەبووە بە تاوانبار لە قەڵەم نەدرێت، بەڵکو ئەوانەی بازرگانی پێدەکەن ئەوان بەتاوانبار لە قەڵەم بدرێن ئەگینا لە سایکۆلۆژی کەسی ئالوودەبوو وەکو نەخۆش سەیر دەکرێ پێویستی بە چارەسەرە لە بنکەیەکی تایبەت دوور لە نەخۆشی تر و زۆرجار کەسی بەکارهێنەری ئەم مادانە خۆی تووشی نەخۆشی دەروونی بووە لە ئەنجام پەنا بۆ ئەم مادانە دەبات وەك نەخۆشی خەمۆکی و فۆبیاو شیزۆفینا، بۆیە پێویستە ئەم کەسانە بەچاوی بەزەیی و نەخۆش سەیر بکرێن و حکومەت هەوڵبدات چارەسەریان بەکات».